ئاگاداری له ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینوسایدی گەلی کورد(چاک)/ لقی

سویس

خەلکی بە شەرەف و شورشگیر، حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.
هەر وەک ئاگادارن رژیمی جەنایەتکاری کوماری ئیسلامی دوا بە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد سەرکوماری خو داسەپاوی ئەم رژیمە کە پیشتر دەستی بە خوینی خەلکی کورد سور بوە ، دیسانەوە لە کوردستان جەنایەتیان خولقاند ، شایانی باسە چەن روژ لەمەوبەر لە شاری مهاباد لاوانی شورشگیر و خوین گەرم بو بەر پەرچدانەوەی سیاسەتە چەپەلەکانی کوماری ئیسلامی دەستیان داوەتە خو پیشاندان لە دژی ئەم رژیمە . رژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی بو چاوترسین کردنی خەلکی کوردستان بە تایبەتی شاری مەهاباد دەستیان بە خوینی لاوی شورشگیر شوانەی سەید قادر سور کرد و هەروەها بەردەوامە لە کوشتن و برینی خەلکی کورد بە تایبەت لە شاری مەهاباد، بەلام رژیمی کوماری ئیسلامی دەبی ئەوە بزانی کە هیچ کات پیش بە روحیەی شورشگیری خەلکی کوردستان ناگیریت بەلکو بە دلنیاییەوە ئەم تورەیی و قینە دەبیتە لافاویکی بە هیز و ئەم رژیمە داگیرکەرە رادەمالی . هەر بەو بونەوە ریکخراوی چاک لقی سویس ریپیوانیک لە بەر سەفارەتی کوماری ئیسلامی لە بیرن لە دژی ئەم جەنایەتانەی کە بەم دواییانە دەرحەق بە شوانەی سەید قادرو رولەکانی کوردستان ئەنجام دەدریت و هەر وەها بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە راپەرینی خەلکی شاری مەهاباد ساز دەکات. بەم بونەوە بەشداری کردنتان لەم روژەدا دەبیتە هاوپشتی و هاودەردی زیدەتری خەلکی کوردستان. هەروەها جاریکی تر خەلکی کورد ئەمە دەسەلمینی کە لە بەرانبەر هەر کردەوەیەکی جەنایەتکارانەی رژیم رادەوەستی و ری نادری چی تر جەنایەتکارانی کوماری ئیسلامی دەست دریژی کەنە سەر مال و حالی گەلی کورد. بە زوترین کات سەعات و روژی ریپیوانەکە رادەگەیەنین .

ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینوساید / لقی سویس